# " دەوڵەتی نەتەوەیی کە بە جەنگ دروست کرا، بە عەولەمە دادەڕوخیٚ و لەناوئەچیٚ"

**جورج ÍÔíÈÇÑØ**

خوێندنەوەی کتێبی "کۆتایی نەتەوەکان" "Nations La Fin des"

نووسینی Thierry Wolton

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: فەتاح مەمەند**

**گومانێك لەوەدا نییە کە بزووتنەوەی فیکری بەستراوەتەوە بە بزووتنەوەی واقیعەوە، چ پێشی بکەویٚ یان دوای بکەویٚ. ئەم ڕاستیە چەسپاوە یەکەم شتە کە ڕامان ئەکێشیٚ بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە لەسەر "کۆتایی نەتەوەکان". کە لە سەردەمی نەتەوەکاندا، کە بە درێژایی دوو سەدە درێژەی هەبوو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە هەتا کۆتایی سەدەی بیستەم، مەسەلەی نەتەوە یەکەم شت بوو بۆ کەڵەکە بوونی سامان، بەڵکو بۆ پەرستن، لە شیعرو فەلسەفەوە تا زانستی کۆمەڵناسی سیاسی، بەڵام کە سەردەمێك جێگەی ستایش بوو بەناچار مەسەلەکە بوو بە جێگەی ڕەخنە، بەڵکو تەنانەت جنێودان پیٚ ی، لەگەڵ داڕووخانی سەردەمی نەتەوەکان وە دەرکەوتنی سەردەمی عەولەمە لەم ماوە مێژوویییەدا لە نێوان سەدەی بیستەم و سەدەی بیست و یەکەم.**

**تایبەتمەندی ئەو کتێبە لەوەدا خۆی حەشارداوە کە مێشکی خوێنەر ئەزرنگێنێتەوەو و ڕێگەی پیشان ئەدا، یان بە واتایەکی تر مژدەی کۆتایی نەتەوەکانی دەداتیٚ. وە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کتێبە هەڵگری ڕەخنەو هێرش کردنە سەر واژەی نەتەوەیە، بەڵام خوێنەرەکەی ناتوانیٚ هەستێکی وای لا پەیدا ببیٚ کە لەبەرامبەر کارێکی ئەنقەست دایە بۆ تێکشکاندنی سەرکردە نەتەوەییەکان و پێشێل کردنی شتە پیرۆزەکان. ئەوەی خەتەرناکە لەم کارەدا ئەوەیە کە تەنانەت کە خوێنەر بیەویٚ بەرهەڵستکارییش بە مێشکی دابێت، کاتێك کە کتێبەکە دەخوێنێتەوە خۆی لەبەرامبەر هێزێکی وادا ئەبینێتەوە کە مێشکی خۆی پاکبکاتەوە لە ڕەوابوونی تیۆری زیانباری نەتەوەیی.**

**وە لە ژێر چوار سەردێڕی سەرەکیدا: ١-"یۆتۆپیای نەتەوە"، ٢-"نەتەوە کۆیلایەتییە"، ٣-"نەتەوە بریتییە لە جەنگ"، ٣-"نەتەوە کۆتاییە"، نووسەر ئەتوانیٚ نەتەوە بکاتە بەرپرسی بەشێکی زۆر لە شەڕو پێکدادانە سیاسییەکان کە کۆمەڵگای بەشەری دووچاری بووە لە سەردەمە هاوچەرخ و نویٚکاندا. لەم کتێبەدا نەتەوە یۆتۆپیایە، وە زۆر کات یۆتۆپیایەکی کوشندەیە. وە هەروەکو هەموو یۆتۆپیایەکی تر تەنها ئەوەندە بوونی هەیە بە ئەندازەی ئەوەی کە مرۆۋ باوەڕی پیٚ ی هەیە. وە پەیوەندیەکی خەیاڵییە کە لەسەردەمی ئایینەکان و ئیمپراتۆریەکان و شانشینە پشتاو پشتەکاندا ووجوودی نەبووە، وە کاتێك مرۆۋ دایهێنا کە ئەم شتانە هەرەسیان هێنا لەسەردەمی نویٚکاریدا بۆ ئەوەی مرۆۋ خۆی ئازاد بکا لە ترس لە ئازادی و لە دابڕان واتە گۆشەگیری.**

**وە بێگومان تیۆریسیۆنەکانی زاراوەی نەتەوە هەوڵیان داوە بۆ ئەم خەیاڵە پاڵپشتێکی واقیعی بدۆزنەوە، بۆ ئەمەش زۆر قسەوباسیان کرد، وە زیاتر لەسەر مەسەلەی زمان قسەیان کرد وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ ناسنامەی نەتەوەیی. بەڵام زمانی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا واقیعێکی خۆڕسك نەبوو. وە هەتاکو سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم نیوەی دانیشتوانی فەڕەنسا بە فەڕەنسی قسەیان نەئەکرد، وە نیوەی**



©Kurdistan Net

دانیشتوانی ئیتالیا بە ئیتالی قسەیان نەئەکرد. وە لەڕاستیدا زمانی نەتەوەیی داتاشرا وە کرایە پاکەتەوە لە کارگەکانی "سەرمایەداری چاپخانە"دا. وە ئەگەر چاپخانە نەبوایە، کەوا زمانی یەکخست و فەرهەنگی نەتەوەیی کردە یەك، ئێستەش فەڕەنسییەکان و ئیتالییەکان و ئیسپانییەکان و پورتوغالییەکان تا ئەمڕۆ بە چەند زاراوەیەکی ناوچەیی قسەیان ئەکرد کە لە زمانی لاتینی وەرگیرابوو. وە هەروەها گەلانی تریش کە بە زاراوەی جێرمانی و ئەنگلۆ-سەکسۆنی قسەیان ئەکرد.

وە لەوانەیە ڕاستترین پێناسەی نەتەوە ئەوە بێت کە "ئەرنست رینان" پێشنیاری کرد کە لە لای ئەو نەتەوە تەعبیر نییە لە واقیعێکی ماددی ڕاوەستاو، بەڵکو ئیرادەیەکی هاوبەشە. وە دەوری ئیرادەش ئەوەیە کە دەخاڵەت بکا لە دروست کردنی شتێك کە نە ماددی وە نە واقیعییە. هەربۆیە مۆسۆلۆنی بە سەربەرزیەوە ئەیووت: "ئێمە ئەفسانەیەکمان دروست کرد، وە ئەفسانەش کاری باوەڕە، ئیرادەیەکی بەڕێزە، وە پێویست ناکات کە واقیعیەتێك بێت لەسەر زەوی. بەڵکو پاڵنەرێکە، بەڵکو تکایەکە، بەڵکو ئازایەتی و باوەڕێکە، وە ئەفسانەی ئێمە بریتییە لە نەتەوە".

ئەفسانە؟ یان یۆتۆپیا بە واتایەکی تر، وە بەو ئەندازەیەی کە یۆتۆپیا جێگەی پێناسە کردنە بەوەی کە ئەفسانەیەکە بۆ پیادەکردن. وە یۆتۆپیای نەتەوە خۆی لە خۆی دا مایەی شەڕ نییە، بەڵام بە ناچار تۆوی شەڕ لەگەڵ خۆیدا هەڵئەگرێت. وە هەروەکو هەموو یۆتۆپیاکانی تر شتێکی ئیجابییە کاتێك بەڵێنی بەهەشتمان ئەداتێ لەسەر زەوی، بەڵام شتێکی سلبییە کاتێك کە داوای ئەوە ئەکات کە ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ گەیشتنە بەهەشت. وە کێشەکە لەوەدایە کە کاتێك موژدەی بەهەشت ئەدات، پێش وەخت داوای ئەوە ئەکات لە هەموو پاڵێوراوەکانی بۆ چوونە ناو ئەو بەهەشتە ئەبێ ببنە کۆیلەی ئەم باوەڕە، وە لە کاتی پێویستدا ببنە شەهیدی ئەو بەهەشتە. وە بەتەواوی وەکو ئایینەکان کە بەڵێنی بەهەشتیان داوە لە ئاسماندا، لیستی شەهیدەکانی یۆتۆپیای نەتەوەش درێژیەکەی بێ پایانە.

بەر لە سەردەمی نەتەوەکان، جەنگەکان لەبەینی سەرکردەکان و لەشکرە پیشەییەکان و بەکرێگیراوەکانیاندا بوو. بەڵام لەسەردەمی نەتەوەدا جەنگەکان بوون بە جەنگی "گەل" بە تەواوی مانای ووشە. وە لە ژێر ئاڵای ناسیونالیزم دا بە ملیۆنان و دەیان ملیۆن ڕاپێچی بەرەی جەنگ و "شەهید بوون" کران. وە لە خۆوە نییە کە "روبسپییر"، کە سەرکردەیەکی توندڕەوتری ئەو شۆڕشە نەتەوەییە توند ڕەوەبوو کە شۆڕشی فەڕەنسی بەرهەمی هێنا، لە ووتارێکیدا کە ئاراستەی "نەتەوە"ی کرد لە ساڵی ١٧٩٣ دا بۆ بەسیج کردنی "سێسەد هەزار هاووڵاتی" بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە بەرامبەر هاوپەیمانی ئەوروپای پاشایەتی کە دژی شۆڕش بوو: "دووژمنەکانمان جەنگی سوپا بەرپا ئەکەن، وە ئێوە جەنگی گەل". وە باشترین ئەنجامدەری وەسیەتی نەتەوەیی شۆڕشی فەڕەنسی ناپلیۆن بوو کە لەشکرە "گەل"یەکەی کیشوەری ئەوروپای داگیر کرد لەو پەڕ تا ئەوپەڕی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی شۆڕش، وە لە پێش هەموویانەوە باوەڕی "نەتەوەی یەکگرتوو".

وە ناپلیۆن نەیئەتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ لە هیچ شوێنێکی ئەوروپادا مەگەر بە وورووژاندنی شعوورێکی نەتەوەیی دژ بە فەڕەنسا بۆ خۆی دابهێنێ. وە لە ڕاستی دا لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی و جەنگە ناپلیۆنییەکاندا، پێکداچوونێکی ترسناك ڕوویدا لە بەینی زاراوەی "نیشتمانپەروەری" و "نەتەوە پەرستی". بە وەی کە نیشتمان پەروەرییەتی هەستێکی سروشتی بوو بۆ خۆشەویستی مرۆڤ

بۆ خاکەی و کەسانی دەورو بەری. بەڵام نەتەوە پەرستی لەبەرامبەر ئەوەدا هەستێکی دەستکرد بوو کە بناغەکەی لەسەر ڕق لێبوونەوەی خەڵکانی تر دانرابوو. وە ڕق لێ بوونەوەی خەڵکانی تریش واتە جەنگ. وە "نەتەوە بریتی‌یە لە جەنگ"، وەکو ناوونیشانی درێژترین بەشی کتێبی "کۆتایی نەتەوەکان". وە دەوڵەتی نەتەوە، یان دەوڵەتی نەتەوەیی بە مانایەکی تر، لە زۆربەی کاتەکاندا تەنها بە جەنگ سنوورەکەی دیاری کراوەو باڵای ڕاست بۆتەوە. هەروەکو ئینگلستان چەندین شەڕی درێژ خایەن و جۆراو جۆری لە دژی وێڵزی‌یەکان و سکۆتلەندیەکان بەرپاکرد، وە فەرەنسای ئێستا بەرهەمی جەنگەکانی شۆڕشە. وە وولاتە یەکگرتوەکان بە هۆی جەنگ لەگەڵ ئینگلیزەوە لەدایك بوو بە پلەی یەکەم، پاشان لەگەڵ ئیسپانیا، وە دوای ئەوە لەگەڵ هیندیە ئەمریکی‌یەکاندا. وە ئەڵمانیای ئێستا لە لایەن نەخشەی جەنگە بسمارکیەکانەوە شکڵی گرت.

وە لەبەر ئەوەی ئەم نەخشەیە هەموو گەلانی بە ئەسڵ جێرمانی نەگرتەوە لە هۆڵەنداو بەلجیکاو نەمساو سویسرا و فەرەنسا(ئەلزاس و لۆرین) وە پۆڵۆنیا و ئۆکرانیا، ئیتر جێ بەجێ کردنی ئەم "یۆتۆپیا جێرمانی‌یە" پووکایەوە، لەلایەکی ترەوە بەرپابوونی ئەڵمانیای نازی، کە نوێنەری ئەوپەڕی توند ڕەوی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، وە لە لایەکی ترەوە بڵێسەی جەنگی جیهانی دووەمی داگیرساند کە بوو بەهۆی گەورەترین گۆڕستانی بە کۆمەڵی گەلان لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا، کە نزیکەی پەنجا ملیۆن کوژراوی بە دواوە بوو.

وە ئەم بیرۆکەی نەتەوەیە کێشرایە دەرەوەی ئەورووپاو کە لە بۆتەی جەنگدا دەوڵەتی نەتەوەیی لێ هاتنە دەرەوە وە نووسەری کتێبی "کۆتایی نەتەوەکان" باسی سێ نموونەی مێژوویی لە دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەکات لە دەرەوەی ئەوروپا: نموونەی تورکی وە نموونەی پاکستانی وە نموونەی ئیسرائیلی.

وە تورکیای نەتەوەیی کەمالیستی نەك هەر لەسەر کەلاوەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە لە نەتەوەی جۆراو جۆر پێك هاتبوو دروست کرا، بەڵکو هەروەها لەسەر پاکسازی نەتەوەیی بنیات نرا، کە بوو بەهۆی پاکسازی دوو کەمە نەتەوەیی تری گەورە، یان لە ڕێگای جینۆسایدەوە، یان لە ڕێگای کۆچی دانیشتوانی زۆرەملێ. وە بەم جۆرە دەوڵەتی نەتەوەیی تورکی پاڵێوراو دروست کرا بە لە ناوبردنی ملیۆنێك ئەرمەنی و سێ ملیۆن یۆنانی کە تورکیا نیشتمانی کۆنی خۆیان بوو لە پێش هەزاران ساڵ بەر لەوە.

وە نموونەی نەتەوەی پاکستانی لەوەش بۆگەنتر بوو. کە نەك هەر بوو بە هۆی دابەش کردنی هیندوستان، کە قەوارەیەکی شارستانی ئەوەندە کۆن بوو کە مرۆڤ بیری نایەت چەندە کۆن بوو، بەڵکو هاتنە کایەی هۆکاری نەتەوەیی و دینی دووبارە بوو بەهۆی قەسابخانەی بەکۆمەڵ و ڕاگواستنی بە کۆمەڵی دانیشتوان کە بوو بە هۆی چوار ملیۆن کوژراوو پێنج ملیۆن کۆچ پێکراو، وە ئەمەش لەگەڵ مانەوەی لاپەڕەی شەڕ لەبەینی دوو برای دووژمندا لەسەر کێشەی سنوور لەسەر هەرێمی کشمیر.

بەڵام نموونەی ئیسرائیلی بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی توندڕەوترین جۆری خۆیەتی. کە ئیسرائیل نموونەیەکی پڕ بەپێستی یۆتۆپیای کوشندەیە. وە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم یۆتۆپیایە بوونی نەبوو تەنها لە مێشکی چەند ڕۆشنبیرێکی جوولەکەی ئەورووپی دا نەبێت کە ئایدیۆلۆجیای زایۆنیزمیان



©Kurdistan Net

**دروست کرد، کە نموونەیەکی بەرجەستەیە لە ئایدیۆلۆجیای تێکەڵی بیرو باوەڕی نەتەوەیی و دینی کە دینیش لە ناو نەتەوە پەرستی دا خۆی بینا ئەکاتەوە. وە ئەم یۆتۆپیا خەیاڵاویەش لە ئەنجامی ئاوارە بوونی ملیۆنێك فەلەستینی و دەست بەسەرا گرتنی زەوی و ماڵەکانیاندا هاتە کایەوە، وە پاشان سێ جەنگی یەك لە دوای یەك لە دژی دەوڵەتە عەرەبی‌یەکان کە هەمووی ئیسرائیل هەڵی گیرساند، وە هەموو جارێك ئەبوو بەهۆی فراوانکردنی سنوورەکانی. وە ئەمڕۆش شەڕ درێژەی هەیە لە دژی دانیشتوانی ئەسڵی فەلەستین کە کەوتوونەتە ناوەڕاستی توندڕەوە نەتەوەیی و دینی‌یەکانی جوولەکەوە، ئەوانەی کە دروشمی کردنە ناو دەریایان بەرزکردۆتەوە هەروەکو عەرەبەکان کە خۆیان بۆ چەندین ساڵی لەسەر یەك ئەم دروشمەی فڕێ دانی جوولەکەکانیان بۆ ناو دەریا بەرز کردبۆوە.**

**بە کورتی نەتەوە، بە بۆچوونی نووسەری "کۆتایی نەتەوەکان"، کاری خۆی بەجێ گەیاندووە، کە هەرگیز کارێکی پیرۆز نەبووە. وە ئێستا کاتی ئەوەیە کە شانۆی مێژوو بەجێ بهێڵێت. وە لەگەڵ سەرەتای سەردەمی عەولەمە ئیتر نە ئابووری نەتەوەیی ڕووت، نە فەرهەنگی نەتەوەیی ڕووت، نە یاسای نەتەوەیی ڕووت، نە دەزگای ڕاگەیاندنی نەتەوەیی ڕووت بوونی نابێت، لەبەر ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کەناڵە ئاسمانی‌یەکانی تەلەفزیۆنەوە و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و پەیوەندی تەلەفۆنی‌یەوە بەهۆی مانگە دەست کردەکانەوە، دەماری سەردەمی عەولەمە پێك ئەهێنێت. وە ئێستا هەر کۆمپانیایەکی گەورەی کە سنووری نەتەوەیی ئەبەزێنێت ئێستا داهات و کڕیارەکانی لە داهات و کڕیارەکانی بەرهەمی نەتەوەیی وڵاتێکی بچووکی وەك دانیمارك زۆرترە وە کەمتر نی‌یە لە داهاتی نەتەوەیی وڵاتێکی ناوەنجی وەکو ئیسپانیا.**

**لەوانەیە لێرەدا "نەیارانی عەولەمە" بڵێن کە دەوڵەتی نەتەوەیی نوێنەری هێڵی بەرگری کردنە لەبەرامبەر بڵاوبوونەوەی عەولەمەدا. بەڵام نووسەری کتێبی "کۆتایی نەتەوەکان" ئەم وەڵامەی بۆ ئامادەکردوون : "ئەمە وەڵامێکی کلاسیکی و ئامادەی هەر بوونەوەرێکی مشەخۆرە کە خەریکە لە گیانێکی زیندوو خواردن وەرئەگرێت و نایەوێت لەو لاشەیە ببێتەوە کە لەسەری ئەژیت".**

تێبینی:

ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی "الحياة"ی لەندەنی ژمارە ١٤٢٣٤ ی ڕۆژی ١٠ ی مانگی ٣ ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاوکراوەتەوە.



©Kurdistan.Net